## مام جەلال لە گفت و گۆییک دا دەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلحەیات:

## "ئێراق پەنای نەبردۆتە بەر باوەشی کەس و لەسەر جێی خۆیەتی"

ڕێناس جاف

دوابەدوای ئەوەی لە ئەنجامی تەبایی و ڕێککەوتنی نێوان لیستەی کورد وهاوپەیمانی ئێراقی یەکگرتوو یان هەمان شیعەکان و لە سەر ڕەزامەندی خودی کوردانیش، "مام جەلال" بوو بە سەرۆک کۆماری ئێراق، چوڵکەشکێنی عەرەبە شۆڤینییەکان،دەستی پێکرا. بۆ؟ هۆکەی پڕ ڕوونە و پێویستی بە شرۆڤە و شیکردنەوە نییە. ئەوان عومرێکە ناعەرەبێکیان نەبینیوە حوکمی بە لای خۆیانەوە وتەنی وڵاتێکی عەرەبی بکات،هەر بۆیە چاویان بەرایی نادات کوردێک ئەو دەستەڵاتەی بە دەستەوە بێت.

ئەم بەینە کە مام جەلال ،لە چەن شوێنێکەوە بە زمانی کوردی کەوتە ئاخاوتن،وەرە و بۆ خۆ ئاوڕێک لە نرخاندن و لێکدانەوەی مێدیاکانی عەرەبی بدەوە هەتا لات دەرکەوێ دونیای عەرەب،چەندە لە خۆ نابووتە و چاوی دیتنی ناعەرەبێکی نییە.

دونیای ڕۆژنامەگەری، دونیایێکی ئازاد و سەربەستە و ئەوەی وەک ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر،لەم بەستێنەدا چالاکی هەبێت،لە سەریەتی خاوەنی ویژدانێکی مرۆڤانی و هزرێکی بە دوور لە دەمارگری بێت.

بەڵام کڵاوی خۆ بکە بە قازی و بۆ خۆ حوکم بدە بە پرسیارەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕۆژنامەی "ئەلحەیات"،هەتا چەن چوارچێوەی کار و خەبەتنی ڕۆژنامەگەری ئازادی،ڕەچاو کردووە.

بۆ وتن دەشێ ئەم گفت و گۆیەی ڕۆژنامەی" ئەلحەیات" دەگەڵ مام جەلال،پاش گەڕانەوەی بەڕێز تاڵەبانی لە نیۆیۆرک ئەنجامی گرتووە.

ئەوەش دەقی وتووێژەکە.

*********************************************************************

پ: باشە لە دیمانەکەی ئەم بەینەت دەگەڵ جۆرج بووش،لە سەر پێوەندی نێوان ئێراق و سوریا و ئێرانیش باس کرا؟

و: ئێمە توانیومانە لە ڕێی پێوەندی هاوکات دەگەڵ ئێران و ئەمریکا هاوسەنگییەک بخەینە نێو سیاسەتی دەرەکی مان . ئێستاش ئەم

هاوسەنگییە لە پێوەندی نێوان ئێراق و سوریادا پێک هاتووە. من بۆ خۆ پێوەندییەکی باشم دەگەڵ سوریا هەیە.
پ: مەبەستت چییە؟

و: کاتێ ئێمە دژ بە حکومەتی بەعس شەڕمان دەکرد،سوریا یارمەتییەکی باشی دەداین،هەر بۆیە من بۆ خۆ لە حاند سوریا هەست بەوە دەکەم بەڵێنێکی ئەخلاقیم لە سەرە.

پ: هەندێ لە بەرپرسانی ئێراقی،سوریا بەوە تاوانبار دەکەن لاگری لە سەرهەڵداوانی نێو ئێراق دەکات،ئەم تۆمەت لێدانە لە گەڵ وتەکانی تۆدا یەک ناگرنەوە.
و: من پێم وتی بۆ خۆ پێوەندییەکی باشم دەگەڵ سوریا هەیە.

پ: بەلام من لەو سۆنگەوەی ئەتۆ سەرۆک کۆماری ئێراقی،وتووێژت دەگەڵ دەکەم.
و: چاک لێت دەگەم.من وەک سەرۆک کۆماری ئێراق هیچ کێشەیێکم دەگەڵ سوریا نییە؛بەلام ڕەنگە بزانی وەزیرەکانی ئێمە هەر کامەیان ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازیان هەیە.وەزیرێکی وەک "عەبدوسەلام مالکی" پەسنی سوریا دەدا کەچی یەکی وەک "سەعدوون دلێمی" ڕەخنەی لە سوریایە. هەڵبەت من نەیاری ئەم ڕەوتەم و ڕام وایە لە نێو کابینەی دەوڵەت دا دەبێ تەبایی و یەکدەنگییەک هەبێت. من پێموایە نابێ ڕەخنەی سەر سوریا،بگوێزرێتەوە بۆ نێو مێدیاکان ، هەتا بەوڕۆش هەوڵم داوە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەم.
پ: لە چ ڕێگەێیکەوە پێوەندی بە کاربەدەستانی سوریایی دەکەن؟

و: بیر وڕا گۆڕینەوە و ڕاوێژکاری نێوانمان لە کەناڵێکی سێیەمەوە ئەنجام دەگرێ.
پ: باشە ئەو کەناڵی پێوەندییە کێیە؟
و: لە ڕێی دۆستانی هاوبەشەوە. بۆ نموونە بەینێ لەمەوبەر بەڕێز"فەخری کەریم زەنگنە" بە نوێنەرایێتی لە منەوە دیمانەی دەگەڵ "بەشار ئەسەد" کرد. بەینێ دواتریش " عەبدولا نەسراوی" نامەکەی منی بە سەرکۆمار ئەسەد گەیاند. بەڕێز " حوسنی مەحەلی" دۆستێکی دیکەی نێوانمانە کە هەندێ جار نامەی من ئەبا بۆ بەشار ئەسەد. ئێمە پێمان خۆشە

ناکۆکییەکانی نێوانمان لە کەشێکی برایانەدا چارەسەر بکرێن،من نامەوێ ناکۆکییەکانمان ئاشکرا بکرێن.

پ: کاردانەوەی سورییاییەکان چلۆن بووە؟

و: زۆر باش بووە.

پ: داواکاری ئێوە چنە؟

و: من نامەوێ لێرەدا باسیان لێوە بکەم.

پ: چاو!باش تێگەیشتم. من پێموایە ئەتۆ زۆر لە تۆمەتەکەی سەر سوریا لە لایەن ئەمریکاوە ڕازی نیت،وانییە؟

و: سەرباری ڕەزامەندی و ناڕەزامەندی من ،ئەمریکا و سوریا دوو وڵاتی سەربەخۆن ئەرچی ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە، لێ قازانجی هاوبەشیشیان پێکەوە هەیە. منیش بۆ خۆم لە پێوەندی دەگەڵ برایانی سوریایی ،ڕای تایبەتی خۆمم هەیە.

پ: بووش لە هەمووانی ویستووە کە بێ سێ ودوو ئەتۆش دەگرێتەوە،پێوەندی خۆ دەگەڵ سوریا ببچڕێنن.کاردانەوەی تۆ لە حاند ئەو داخوازە چلۆن بووە؟

و: داوایێکی ئەوتۆ لە من نەکراوە. من بۆ سەرکۆمار بووشم شی کردۆتەوە کە ناکۆکی ئێمە دەگەڵ سوریا ،نابێ بەرەو ئالی گۆڕینی حکومەتی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا بچێ،بەڵکو دەبێ دووی ئەوە بکەوین سیاسەتی ئەو وڵاتە لە هەمبەر ئێراق، گۆڕانی  بە سەردا بێت. بووشیش لە سەر هەمان بیر ورایە.

پ: یانێ دەڵێی بووش بە لای تۆوە وتی نایەوێ حکومەتی ئێستای سوریا لە سەر دەوور لا بات؟

و: هەروایە.ئەوان تەنێ دەیانەوێ سیاسەتی سوریا لە هەمبەر ئێراق،لوبنان و...گۆڕانی بە سەردا بێت.

پ: یانێ دەڵێی قسەکانی کۆندۆلیزا رایس لە سەر تەریک خستنەوەی سوریاقسەی ڕووتی سیاسین؟

و: من ناتوانم شتی وا بڵێم.خاتو رایس بۆ خۆ وەزیرێکی  خودان دەستەڵات و وریایە.دەتوانی پرسیاری لێبکەی و وەرامەکەیت دەس بکەوێ.ئەوەی من لە بووشم بیست هەر ئەوەندە بوو بە لاتەوە وتم.

پ: لە دیمانەکەت دەگەڵ بووش باسی ئێرانیش کرا؟

و: نەخێر،چونکە هیچ کێشەیێکمان دەگەڵ ئێران نەماوە. پێوەندیمان ئاساییە و ئەمریکییەکانیش چاک دەزانن گەرەکمانە پێوەندییەکی باشمان دەگەڵ ئێران هەبێت.
پ: دونیای عەرەب پێیوایە ئێوە لە جیهانی عەرەب دابڕاون و کەوتوونەتە باوەشی ئێرانەوە؟

و: یەکەم،ئێراق لە جیهانی عەرەب دانەبڕاوە. ئێراق لە سەردەمی سەدام حسێن دا خۆی لە جیهانی عەرەب تەواو تەریک خستبووەوە. سەدام بە هێرش بۆ سەر کوێت ،لە ڕاستیدا لە هەمبەر تەواوی جیهانی عەرەب دا ڕاوەستابوو، ئەو سوپای بە گژ سوپای ئێراقدا چوو جگە لە ڕۆژاواییەکان پڕیبوو لە سەربازی سوریا،میسر،سعوودی،مەراکیش و کوێت. بە پێچەوانەی وتەکەی تۆ هەر ئەو سەردەمە سەدام خۆی لە جیهانی عەرەب جیا کردبووەوە،بەڵام ئێراقی پاش سەدام جارێکی تر لە گەڵ وڵاتانی عەرەبە و لە کۆڕ و جڤینەکانیانیشدا بەشدارە. ئێراق نە پەنای بردۆتە بەر باوەشی ئێران و نەش لە باوەشی کەسێکی تردایە. ئێراق لە سەر جێی خۆێتی و ئێمە دەمانەوێ باشترین پێوەندییمان دەگەڵ برایانی عەرەبی خۆ هەبێت.
پ: بەڵام ئەمریکا ،ئێران بە خۆتیوەردان لە کاروباری ئێراق،تاوانبار دەکات.

و: من وای بۆ ناچم،ئەمریکییەکانیش شتی وایان نەوتووە،لانیکەم دەکرێ بڵێم من شتی وام لێ نەبیستوون. ئەمریکییەکان ئێستێ لە ئێراقدان و دەشزانن جگە لە کەساێتی و هێزی شوێندانەر لە سەر کاروباری ئێراق،واتە سەرۆک کۆمار،سەرەک وەزیر و پەرلەمان، دەستەڵاتی ئێراق لە دەس کەسی دیکەدا نییە.
پ: دیمانەیێکیشت دەگەڵ ئەحمەدی نژاد،سەرکۆماری ئێران هەبوو،باسی ئەوەشمان بۆ بکە؟

و: ڕاستییەکەی دیدارەکەم زێتر بۆ پیرۆزبایی پێ وتن بەو بوو،بۆ بۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری. ئەویش بە شێوەی فەرمی داوەتی کردم سەری تاران بدەم،دوو لاش جەختمان لە سەر پەرەی پێوەندییەکانی نێوانمان کردەوە. دیمانەکەی نێوانمان زۆر کورت بوو.
پ: کەی ئەچی بۆ ئێران؟

و: هەر وەختێ دەرفەت بڕەخسێ.هەڵبەت من لە سەردەمی خاتەمی(یشدا) بۆ سەردانی ئێران داوەت کرابووم کە ئەمجارەش ئەحمەدی نژاد،هەمان داوەتی دووبارە کردەوە ،منیش بەڵێنم دا سەری ئێران بدەم ،گەلێ سوپاسیشم کرد بەڵام دەبێ چاوێک بە بەرنامەی کاریمدا بگێڕم،چونکە بۆ سەردانی بەریتانیا،چێک،ئۆستریا(نەمسا) و چین(یش) داوەت کراوم، پاشان دەتوانم بڵێم کەی دەچم بۆ ئێران. ئێمە ئێستێ کۆنفرانسی سەرانی عەرەبمان لە پێشە و جارێ ناتوانم بێژم کەنگێ دەچم بۆ ئێران، بەڵام هیوادارم هەتا کۆتایی ئەوساڵ بۆم بلوێ.

پ: ئەم بەینە سکرتێری یەکێتی عەرەب،لەو گۆڕانەی لە نێو دەستووری ئێراقدا کراوە،ڕێزی ناوە.

و: بەڕێز "عەمرو موسا لە ئێمەی خواستبوو ئەم بڕگە بخەینە نێو دەستووری ئێراقەوە کە"ئێراق ئەندامی دامەزرێنەر وچالاکی نێو یەکێتی عەرەبە وپێبەنە بەپەیمان و بڕیارەکانی." ئێمەش ئەم بڕگەمان خستە نێو دەستوورەوە و ئەویش ڕێزی لەم هەنگاوە نا.
پ: باشە ئەمە هەموو ئەو شتەی بوو کە ئەو داوای کردبوو؟یان ئێوە تەنیا ئەمەتان جێ وە جێ کرد؟

و: نەخێر! بەڵام لە پێوەندی ئێراق دەگەڵ یەکێتی عەرەب هەر داوای ئەمەی کردبوو کە ئێمەش جێ بە جێمان کرد.
پ: فیدراڵیزم_ بەو شێوەی بڕیارە لە ئێراقدا بچەسپێ،وەبەر گەلێ نارەزایێتی کەوتووە و هەندێ لەوە دەترسن کە ئێراق بێتە نموونە و مۆدیلێک بۆ دابەشکردنی ناوچە بە گوێرەی ڕەگەز و قەومییەت.

و: دیارە یەکەم گشت سیستەمێکی فیدراڵی نێو دونیا ،بنەماکەی لە سەر ڕەگەز،جۆگرافیا یان قەومییەتە. فیدراڵیزمی ئێراقیش کە لە دەقی نێو دەستووردا هاتووە،وەک یاسایێکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە دەورەی گواستنەوەیی دا.کاتێ باسی فیدراڵیزم هاتە گۆڕێ،کەس نەیارێتی لە گەڵ نەکرد. تەواوی گرووپەکانی ئێراقی لە عەرەبی شیعە و سوننەوە بگرە هەتا لیبراڵ و دێمۆکراتەکان، لە سەر فیدراڵیزم بۆ کوردستان،کۆکن. تەنیا لە باشوور ،لە بەر ئەوەی بۆ ئەوێ بە دابەشکردنێکی ڕەگەزی دادەنێن،نەیارێتی دەگەڵ کراوە،ئەوە لە حاڵێکدایە فیدراڵیزمی کوردستان،بە پێی جۆگرافیای ئەتنیکی و قەومییە.

پ: کەوابوو  بڕوات بەوەی هەیە جێ وە جێبوونی سیستەمی فیدراڵی،کێشە وبگرە و بەردەی نێوان قەومییەتەکانی لێ دەکەوێتەوە؟

و: نەخێرا! من بە توندی دژ بەم تۆمەتە بێ بنەمایەم. بە پێچەوانەشەوە،فیدراڵیزم و دیمۆکراسی،دەبێتە مایەی چارەسەرکرانی گیر و گرفتەکانی ئێراق. چونکە دابەشکرانی دادوەرانەی سەروەت و دەسەڵات لە نێوان گرووپ و ڕەگەزەکانی جۆربەجۆری ئێراقی،لێ دەکەوێتەوە. گەر لە باری مێژووییشەوە سەیری پرسەکە بکەی؛ئەوەمان لا ڕوون ئەبێتەوە ئیسلامیش بنەماکەی لە سەر جۆرە کۆنفیدراڵیزمێکە.بوونی ئەیالەتەکانی ئیسلامی لە ڕاستیدا سەلمێنەری هەمان بیرۆکەیە. دەوڵەتی ئێراق لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی دا دابەش کرابوو بە سێ ئەیالەت: ئەیالەتی شارەزوور کە دواتر بوو بە موسڵ،ئەیالەتی بەغا و ئەیالەتی بەسرە. ئەو دابەشکردنە،بە پێی بنەما و ڕاستییەکانی جۆگرافیایی بووە.

پ: پێت وانییە پاش شەڕی نێوخۆیی،نیشانەکانی دابەشکرانی ئێراق،خۆیاتر خۆ دەرخەن؟ئایا فیدراڵیزم دەتوانێ چارەسەری ئەو کێشە بکات؟

و: من دەگەڵ ئەو بۆچوونەت نیم و ئەو زاراوەی بۆ ڕەوشی ئێراقی دەکار دێنی،بە دروستی نازانم.من پێموایە  ناوەندێتی بە پێچەوانەی فیدراڵیزم ،بۆ ئێراق زۆر کێشە ساز بکات و شەڕ و پێکادانی قەومی و عەشیرەتی و دابەشکرانی نادادوەرانەی سەروەت و دەسەڵاتی لێ بکەوێتەوە. بە لای منەوە نەیارانی فیدراڵیزم لە شوناسی پرسەکە ناگەن و هێشتا هەر لە نێو بازنەکەی حکومەتی دیکتاتۆری و ناوەندێتخواز دا دەخولێنەوە. ئێستاکە 76 وڵاتی دونیا بە گوێرەی سیستەمی فیدراڵی ،کاروبارییان هەڵدەسووڕێ. هەر لە ناوچەکەی خۆماندا میرنشینەیەکگرتووکانی عەرەبی و پاکستان ،نموونەی بەرچاوی وڵاتانی فیدراڵن،باشە بۆچ دەبێ ئەمە هەر لە ئێراقدا بقەومێ و ئەم وڵاتە پارچە پارچە بێت.

پ: ئێوە باسی ڕەوشی ئێراقی پاش جێ بە جێبوونی سیستەمی فیدراڵی تان کرد،هەندێکیش باسی بارودۆخی ئێستای ئێراق بکەن. ئەمڕۆکە ئێراق شایەتی تەقینەوەی پەیتا پەیتا و بەرزبوونەوەی ناکۆکییەکانی قەومییە.ئایا لە ڕوودانی شەڕی نێوخۆ ناترسن؟

و: مێدیاکانی عەرەبی و ڕۆژاوایی ،ڕاستییەکان بڵاو ناکەنەوە بەڵکو زێترچاو دەبڕنە نیوەی بەتاڵی پەرداخی پڕ لە ئاو. 14 ستانی ئێراق هێور و ئارامە و جگە لە چەن تەقینەوەی پەرژ و بڵاو،خەڵک بە کووچە و کۆڵان و شەقام

،مزگەوت و زانکۆ... دا سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆن. سەرێکی کوردستان بدەن جا ئەو دەم تێدەگەن خەڵکی ئەوێندەرێ بۆ ژیان لە نیۆیۆرکییەکانیش دڵخۆشتر و بە هیواترن.من ناڵێم ناکۆکی قەومی نییە بەڵام پێم وانییە شەڕی نێوخۆ ڕوو بدات. ئێراق بەرەو شەڕی نێوخۆ ناچێ،ئەرچی هەندێ وردەناکۆکی هەیە بەڵام خەڵک زێتر گیرۆدەی دەس بێگانەکانن، مەبەستم تێرۆریستەکانی وەک گرووپەکەی قاعیدە، لاگرانی زەرقاوی و هەزاران ئاژاوەگێڕی دیکەیە کە بۆ ئاڵۆزی نانەوە و بشێوی چێکردن ،هاتوونەتە ئێراق.

پ: سەرکۆماری ئەمریکا زۆر جاران وتوویە شەڕی ئێراق بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لە شارەکانی ئەمریکا ئەنجامی گرتووە. باشە  پێت وانییە ئەمە چەشنێ کەڵک وەرگرتنی نابەجێ لە ئێراق بۆ شەڕ دژی تێرۆریزم بێت؟

و: ئەمریکییەکان بوونە هۆی سەرهەڵدانی تێرۆریزم یان تێرۆریزم هاتە ئێراق؟ ئێوە چاکی لێ نەگەیشتوون. بووش وتی خەباتی ئێمە دژ بە تێرۆریزم لە ئێراقدا  بۆ دوورکردنەوەی مەترسی تێرۆریزم لە ئەمریکایە.

پ: بەڵام خۆ ئەم شەڕە ئێستێ بەرۆکی ئێراقی گرتووە.

و: ڕاستە،لە بەر ئەوەی تێرۆریستان ئێراقیان کردۆتە مۆڵگەی خۆ و هەزاران لەوان خۆیان گەیاندۆتە ئێراق و هەموو ڕۆژێ چەن ترۆمبیلی بۆمبڕێژکراو لە کووچە و کۆڵان و شەقامەکاندا دەتەقێنەوە.هەڵبەت ئەوان لە میسر و سعوودیش مژولی هەمان کردەی تێرۆریستین بەڵام ئێراقیان کردۆتە مۆڵگەی سەرەکی خۆ.

پ: باشە خۆ هەندێ لەوان ئێراقین نەک دەرەکی کەچی هەمووان بە تێرۆریستی بێگانە دەناسرێن؟

و: ڕاستە،منیش لە گەڵتم. دوو جۆرە تاقمی تێرۆریستی لە ئێراقدان:ئەندامانی تۆڕی قاعیدە،زەرقاوی و... ئەو ئێراقییانەی بۆ بەرەنگاربوونەوە دەگەڵ ئەمریکییەکان و حکومەتی ئێستای ئێراق،چەکیان پێیە. تاقمی دووەم دەکرێن بە دوو بەشەوە: کۆنە بەعسییەکان و ئەوانەی پێیان وایە بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر ئەمریکادا  شێوەی چەکدارانە زێتر لە شێوەی سیاسی شوێن دانەر بێت. من ناڵێم ئەمانە نین،بەڵام پێموایە ئەوانەی بۆمب دەنێنەوە، دەرەکین.

پ: پێتوایە ئێراق کەنگێ بەسەر تێرۆریستانی نێو سنوورەکانی دا سەرکەوێ؟

و: به لای منەوە کاتێ ستراتژی و سیاسەتێکی هاودەنگ و یەکگرتوومان بۆ بەشەکانی میدیایی،سیاسی،ئابووری،سەربازی،دیپلۆماسی،ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەبێت،ئێراق بەسەر تێرۆریستاندا سەردەکەوێ. گەر ولاتانی جینار یارمەتی ئێمە بدەن،سەرکەوتنەکەمان خێراتر دەبێ و ئێمە زووتر لەوەی پێشبینی دەکرێ، سەردەکەوین.هەڵبەت ئێمە پێویستیمان بە گرتنە بەری سیاسەتێکی هەمووانی بە پێی بەرژەوەندی گەلی ئێراق هەیە، ئەویش یەکگرتوویی نێوان هەموو قەومەکانی ئێراق ،هەر لە عەڕەبی شیعە و سوننەوە بگرە هەتا کورد و تورکمانەکان. ئێمە دەبێ بەوە بگەین تاقە ڕێی گۆڕانکاری و پێشکەوت لە ئێراقی پەرلەمانتاریزمدا، گرتنە بەری شێوەی سیاسی و ئازادی بۆ مافی چارەنووس و دیالۆگە نەک ڕووکردنە تێرۆریزم و شێوەی چەکدارانە.

پ: بەڕێزتان لە نیۆیۆرک جگە لە سەرکۆماری ئێران،دەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ،سەرەک وەزیری ترکیاش دیدار ودیمانەت هەبوو،ڕەنگبێ لەسەرکوردستانی ئێراقیش پێکەوە قسەتان کردبێت. دەزانین کە ترکیا هەڵوێستی لە ئاست دامەزرانی دەوڵەتێکی کورد چییە. چلۆن باسی ئەو پرسەتان کرد؟

و: جارێ ئێزن بدە! نە من و نەش ئەردۆغان هیچ کاممان باسی کوردستانمان نەهێنایە ئاراوە. من بە کورتی هەندێ باسی ڕەوشی ئێراق و دەستوورەکەیم بۆ کرد و داوام لەو کرد ئەو شەڕەی زەرقاوی دژ بە شیعە و کورد،ڕایگەیاندووە،مەحکووم بکات و یارمەتی بەرەو پێشەوەچوونی پێوەندییەکانی نێوان دوو ولاتیش بدات. هەڵبەت لە سەر پ.ک.ک (یش) باس کرا و بە ئەردۆغانم وت: "ئەو شەڕە چەکدارییەی ئێستێ لە ترکیادا لە گۆڕێدایە،دژ بە قازانج و بەرژەوەندی میللەتی ترکە .چونکە قازانجی میللەت،وا لە گرێوی سەرکەوتنی دێمۆکراسی لە ترکیادا."

پ: بەڕێزتان داوای ئەوەتان لە ڕووسیا کردووە دەس لە ڕوانگەی "نادۆستانە"ی دەرحەق بە ئێراق هەڵگرێ،تەنانەت هەرەشەشت لە ڕووسیا کرد کە زۆر پەیمانی پڕ قازانجیشی لە کیس دەچێ!

و: دیمانەیێکم دەگەڵ سەرکۆمار ڤیلادیمیر پوتین هەبوو و لە نێوانیشماندا تەبایی بە تەواوەتی هەبوو.هەڵبەت میدیاکان وتەکانی منیان ئاوەژوو کردووە. ئەوەی من وتوومە ئەوە بوو کە داوام لە مۆسکۆ کردووە بە شێوەی

ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئێمەوە بکات، ئێمەش ئامادەین بەدەر لە ڕۆچنەی پێوەندی ڕووسی_ ئەمریکی و لە سۆنگەی ئێراقی_ڕووسییەوە پێوەندیمان دەگەڵ ئەو وڵاتە هەبێت.

پ: ئەم بەینە ڕووسیا هەڵوێستێکی دۆستانەی لە هەمبەر ئێراق گرتۆتە پێش،ئایا ئەمە لە بەر پەیماننامە کانی پڕ قازانجی نێوان دوو وڵاتە؟

و: بەڵێ، ئێمە ئێستا پێوەندییەکی نێزیکمان دەگەڵ ڕووسیا هەیە. ئێمە لە ئاستی وەزیرانی دەرەوەدا سەبارەت بە هەڵوێستی ڕووسیا لە ئەنجومەنی ئاسایش لە هەمبەر پرسەکانی هاوپێوەند بە هێزەکانی فرە نەتەوە و ڕەوشی ئێراق،پێکەوە باس و ڕاوێژمان کرد و لە سەر پێک هێنانی کۆمیسیۆنی هاوبەشی نێوان وەزارەتخانەکانی دوو وڵات و بەرزکردنەوەی ئاستی پێوەندییەکانی بازەرگانی،ئابووری و چاندیش، بە تەبایی گەیشتووین.

پ: لە هاوپەیڤینێکی تەلەفزیۆنی ڕاتگەیاندووە پاشی چوونە دەری هێزی ئەمریکی لە ئێراق،چەن پێگە و بنکەیێکی سەربازی ئەخەیتە بەردەس بەشێک لە هێزی ئەمریکی؟

و: ئەوەی من وتبووم ئەمە بوو کە مانەوەی هێزی ئەمریکی لە ئێراق،تەنیا بۆ شەڕ دژ بە تێرۆریستان نییە بەڵکو ئەرکی ڕاهێنانی هێزی ئێراقیشیان وەئەستۆیە. مانەوەی ئەمریکا ،پێش بە خۆتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری نێوخۆیی ئێراقیش دەگرێ.

پ: بەڵام بەڕێزتان لەو هاوپەیڤینەدا وتووتانە:" ڕەنگە دەوڵەتی ئێراق لە داهاتوودا بەودەرەنجامە بگات کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی،داوا لە هێزی ئەمریکی بکات تەنانەت پاش ڕزگاری ئێراق لە دەس تێرۆریزم،دیسانەوەش لەو وڵاتەدا بمێنەوە."

و: نا ،بە تەواوەتی شتی وام نەوتووە.

پ: بەڵام ئەمە وشە بە وشەی قسەکانی بەڕێزتە؟

و: من وتم ڕەنگە بەشێک لە هێزی ئەمریکی لە کاتی چوونە دەر لە ئێراق،لەم وڵاتەدا بمێنێتەوە نەک هەمووان. کەسێک شتێکی وا ئەخاتە ئەستۆی من، سەتی سەت درۆزنە. من وتم ژمارەیێک لە هێزی ئەمریکی دەتوانن لە ئێراق بنکە و پێگەی تایبەتیان هەبێت؛ دیسانەوەش دەڵێم؛

ڕەنگە ئەمە بە قازانجی گەلی ئێراق بێت کە پاش کۆتایی فەرمانبەرێتی ئێستای سوپای ئەمریکا،بەشێک لە هێزی ئەو ولاتە لە ئێراقدا بمێنێتەوە.
پ: پێتوایە ئەمریکا، کەی هێزەکانی لە ئێراق دەباتە دەر؟

و: ئەم پرسە بەستراوە بە پێوەندی نێوان ئێمە و ئەمریکییەکانەوە. بە لای منەوە هەتا دوو ساڵی دی، هێزی ئێراقی دەتوانێ دابینی ئەمنیەتی نێوخۆیی بکات . بەلام خشتەی زەمەنی بۆ چوونە دەری هێزی ئەمریکی لە ئێراق،بەستراوە بە پێوەندی دوو لایەن و هەل و مەرجی دوو ولاتەوە. لە بارودۆخی ئێستادا ڕاگەیاندنی خشتەی زەمەنی بە قازانجی ئێراق نییە چونکە بە لای تێرۆریستانەوە ئەمە بە سەرکەوتنێ بۆ خۆ لە قەڵەم دەدەن و هەر ئەوەش ورەی ئەوان بەرز دەکاتەوە. بۆیە گەر خشتەیێکی زەمەنیش دانرێ ،واچاکە دوولا لە هەلێکی شیاو و گونجاودا بە ڕاشکاوی ڕایگەیێنن.
************************************************************************

سەرنجێک : ئەم بابەتەم لە فارسییەوە کردووە بە کوردی. ئامادەکەری ئەم بابەتە بۆ فارسی بەڕێز" سەعید ئاقا خانی" یە.
ژێدەر: ڕۆژنامەی شەرق، ڕۆژی پێنج شەمە 31 خەرمانانی 1384 هەتاوی

renascaf@ Yahoo.com